## وتوویژی رۆژنامەی رۆژنامە لەگەڵ رەزا کەعبی

**ئاماژە:**

**وتوویژی خوارەوە، چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووس شەهرام عەبدوڵا، لە رۆژنامەی رۆژنامە چاپی سلێمانیە، لەگەڵ رەزا کەعبی جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵە، کە وەك خۆی لە رۆژنامەی "دوارۆژ"دا بڵاو کراوەتەوە، کە دووحەوتوونامەیەکی سیاسی_گشتیە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکات.**

# رێکخراوە ناوخۆییەکان
# لە روانگەی حیزبەکانی خۆرهەڵاتەوە

**رۆژنامەی "رۆژنامە" چاپی سلێمانیە . شەهرام عەبدوڵلا ۲۸/۱۰/۲۰۰۸**

لەسەرەتاکانی نیوەی دووەمی دەیەی نەوەددا بارودۆخی سیاسی ئێران لەئەنجامی چەند ڕووداوێکی گرنگی ناوخۆیی ونێودەوڵەتی، کۆمەڵێك گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا دێت کەکاردانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەوشی سیاسی وکۆمەلایەتی ئەو وڵاتە دەبێت، بەشێوەیەك کە بەپێچەوانەی قۆناغەکانی ڕابردووی دەسەلاتداریێتی کۆماری ئیسلامییەوە، دۆخێکی کرانەوەی سیاسی ئەوتۆ دێتە ئاراوە کە وەك زۆرینەی راڤەکارانی سیاسی لەسەری هاوڕان، بوارێکی فراوان بۆ بەشداریکردنی کۆمەڵگای ئێران لەکاروباری سیاسیدا دەڕەخسێنێت و جموجووڵێکی دڵخۆشکەر بەچوونەناو قۆناغێکی نوێی ئەزموونکردنی دیموکراسی لەو وڵاتە خۆرهەلاتیەدا پێکدەهێنێت، لەو کەش وهەوایەدا سەرەڕای چەندین گۆڕانکاری سەرنجڕاکێش لەپێکهاتەی سیاسی حکوومەتدا وەك دەسەلاتەکانی جێ بەجێ کردن و یاسادانان، شەپۆلێکی بزووتنەوەی سیاسی_ مەدەنی ڕێدەکەوێت، سەرنجڕاکێشبوونی ئەم بارودۆخە بەرادەیەك دەبێت کەسەرنجی نێودەوڵەتی بۆلای خۆی ڕادەکێشێت و بۆماوەیەك کاریگەری دیار لەسەر ڕواڵەتی نێودەوڵەتی ئێران دادەنێت، لەم سەروبەندەدا لەگەڵ سەرهەڵدانی ژمارەیەکی جێگەی سەرنج لەڕێکخراوە سیاسی_ مەدەنییەکان لەناوچە ناوەندییەکانی ئێران، خۆرهەلاتی کوردستانیش جموجووڵی تێدەکەوێت و دەرفەت بۆچالاکی دەقۆزێتەوەو ژمارەیەك ڕەوت و ڕێکخراوەو گرووپی سیاسی_ مەدەنی دێنە ئارا، هەرچەند ئەم گرووپ و ڕێکخراوانە لەرەوتی کارەکانیاندا لەگەڵ کۆسپ و تەگەرەی دامودەزگاکانی باڵی مەحافزەکار بەرەوڕوو دەبنەوە، بەڵام تا کۆتاییەکانی سەردەمی سەرۆك کۆماری خاتەمی و بالادەستبوونی ریفۆرمخوازەکان لەهەندێك لەدەزگا سەرەکییەکانی حکوومەتدا چەشنێك لەچالاکی مەدەنی و ڕەفتاری دیموکراتیك ئەزموون دەکەن کە لەشوێنی خۆیدا شیاوی تێڕامانە، بەڵام لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنەوەی مەحافزەکاران و هاتنەسەرکاری ئەحمەدی نژاد، هەروەها پاشکشەی ریفۆرمخوازەکان، بارودۆخەکە بە تەواوی وەردەگەڕێت و کاری ڕێکخراوەکانیش بە ئاکارێکی دیکەدا دەڕوات، لە قۆناغی دەسەلاتدارێتی مەحافزەکاراندا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توند لەگەڵ ڕێکخراوەکانی خوێندکاران، ژنان و چالاکانی مەدەنیدا دێتە ئاراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێك لەبەرگری و درێژەدان بەچالاکی دەبینرێت کەئەمەش وەك لە میدیاکانی ناوخۆو دەرەوەی ئێران ئاشکرایە، زینداینکردن و سزای لەسێدارەدان و دوورخستنەوەی لێ کەوتووەتەوەو تادێت دەرفەتی چالاکییەکان بەرتەسك دەکاتەوە، سەرەڕای ئەم دۆخە ڕێکخراوەکان هەر کەم و زۆر دەردەکەون و لێرەو لەوێ خۆیان دەنوێنن . ڕۆژنامە لەچوارچێوەی ئەم تەوەرەدا ڕاوبۆچوونی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی خۆرهەلاتی کوردستان لەسەر هەندێك لەو ڕەوت و ڕێکخراوەو گرووپانە دەخاتەڕوو کەبریتین لە: بەرەی یەکگرتووی کورد، ریفۆرمخوازانی کورد، فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لەپەرلەمانی ئێران، ڕێکخراوەکانی خوێندکران و ژنان، ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان، بەوەیکە بەچ شێوەیەك دەڕواننە کاروچالاکییەکانیان؟ لەچوارچێوەی ڕەخنەو پێشنیاردا چۆن هەڵیاندەسەنگێنن؟ ئایا بارودۆخی تایبەت وەك بوونیان بەهێز، لەو چەشنەی کە لە کوردستانی تورکیادا هەیە، ئامادەن لێیان نزیك ببنەوەو دانوستانیان لەگەڵ بکەن؟

سەرپەرشتیاری تەوەر: شەهرام عەبدوڵڵا

# رەزا كەعبی: ڕێكخراوەكان توانییان جێگەی حیزبەكان پڕبكەنەوە

r.kaabi@yahoo.com



رەزا كەعبی جێگری سكرتێری گشتی كۆمەڵەی زەحمەتكێشانی كوردستان، لە لێكدانەوەیەكدا بۆ پرسەكانی ئەم تەوەرە، پێیوایە كۆمەڵگای كوردستان هیچكات وەك ئەم سەردەمە لە بوارە جۆراوجۆرەكاندا پڕ كەسایەتی ناسراوو سەربەخۆ نەبووە، هەر وەك لەسەر باوەڕەیە كەحیزبەكان دەبێت پشتگیری ڕێكخراوەكان بكەنو ئەو ڕوانینو شێوازە كۆنە بخرێتە لاوە كە ئەمجۆرە ڕێكخراوانە بەلای خۆیاندا رابكێشنو بیانكەنە پاشكۆی خۆیان .

**پرسیار:**

چۆن دەڕواننە ئەو ڕێكخراوە مەدەنیو سیاسیانەی كە لە ناوەوەی خۆرهەلاتی كوردستان كار دەكەن؟ تكایە بە دیاریكراوی قسەیان لەسەر بكەن.

بەری یەكگرتووی كورد

ڕێفۆرمخوازانی كورد

فراكسیۆنی كەمینەی نوێنەرانی كورد لە پەرلەمان

چالاكانی بواری خوێندكاری

چالاكانی بواری ژنان

كۆمسیۆنی ماڤ مرۆڤی كوردستان

**رەزا كەعبی:**

ئەم ڕێكخراوانە هەر چەن بە گشتی هەمویان دیاردەی سەردەمێكی دیاریكراوی كۆمەڵگای كوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی لە رۆژهەلاتی كوردستانن، بەلاّم بە هیچ جۆرێك ناتوانین وەك یەك چاویان لێبكەین. چالاكانی بواری خوێندكاری یان "بزوتنەوەی خوێندكاری كورد" چالاكانی بواری ژنان یان "بزوتنەوە ژنانی

کورد" بەشێکن لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان کە بە تایبەت لە ١٥ ساڵی رابردوو لە سەر شانۆی خەباتی سیاسیو مەدەنی لە کوردستانی ئێران لە ئاستیکی بەفەراواندا سەریان هەڵداوە کە لە هاوینی ١٣٥٨(١٩٧٩) بە هوی لشکرکیشی رژیم بۆ سەر کوردستان و دەسپیکردنی خەباتی پشمەرگانە کەوتبونە پەراویزەوە. کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی کوردستان، ریفۆرمخوازان و بەرەی یەکگرتووی کورد بەشێکن لە بزوتنەوەی سیاسیو مەدەنی کە لە هەلو مەرجێکی تایبەت لە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان مەودای سەرهەڵدانیان پەیدا کردووە. فراکسیۆنی کەمینەی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان، دیاردەیەکی تایبەتیترە کە پێویستە بە جیا بیدەینە بەر باسو لێکۆڵینەوە.

بەلام هەموو ئەم رێکخراوەو دیاردانە، هەڵقوڵاوی سەردەمێکی دیاریکراوی خەباتی مەدەنی و سیاسیو رزگاریخوازای لە کوردستانی ئێرانن. ئەگەر دەیەی ئەوەڵی دەسەلاتی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دەیەی سەرکوتو لەشکەرکێشیو تۆقاندنو کوشتنی بە کۆمەڵەو داگیرکردنی کوردستانو لە هەمان کاتدا دەیەی خۆڕاگری خەڵکو تێکۆشەرانی سیاسی لە زیندانەکان لە دژی داگیرکەری بوو، دەیەی دووهەمی دەسەلاتی رژیم، دەیەی داگیرکردنی یەکجاری کوردستان، پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەو رۆچوونی خەباتی جەماوەری بوو، لە هەمان کاتدا دەیەی سەر هەڵدانی هێدی هێدی شێوازێکی دیکەی خەبات لە کوردستان لە ناو ئابلۆقەی هێزەکانی داگیرکەرە. دەیەی سێیەمی دەسەلاتی رژیم لە کوردستان شاهێدی سەرهەڵدانی بە هێزو گەورەی گەلێك بزوتنەوەو خەباتی سیاسیو مەدەنیو سەر هەڵدانی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانو گەشەی خەباتێکی سیاسیو مەدەنی لە سەرتاسەری کوردستانە .

راستە کۆماری ئیسلامی بە هێرشی گەورەی بۆ سەر خاکی کوردستان تەنیا شەش مانگ پاش هاتنە سەرکاری لە هاوینی ١٣٥٨(١٩٧٩)، ویستی گەلی کورد لە هەلێکی زێڕین کە بە هۆی رووخاندنی رژیمی پاشایەتی بۆی رەخسابوو بێبەش بکاتو شەڕێکی پێش وەختی بەسەر ئەم گەلە زوڵم لێکراوە داسەپاند، بەڵام کۆماری ئیسلامی نەیدەتوانی لە بەرانبەر گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان لەمپەرێك درووست بکات. لە ماوەی سی ساڵی رابردوو گەلێك ئاڵوگۆڕی گەورەی کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاتوەتە ئاراەو کە ئەم کۆمەڵگایەی بە تەواوی گۆڕیوە. شارەکان گەورە بونەتەوە، پێگەی ژنان لە کۆمەڵگادا سەرەڕای هەموو یاسای دژی ژن لە ئێران زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، خوێندن لە ئاستی باڵاو زانکۆکان هیچ کات وەك ئەمڕۆ لە کوردستان نەبووە، ساڵانە دەیان هەزار خوێندکاری کورد رەوانەی زانکۆکان لە سەراسەری ئێران دەبن. رێکخراوە مەدەنیەکان لە زۆرێك لە شارەکان سەریان هەڵداوە، بزوتنەوەی روناکبیریو رۆژنامەوانی، دامەزراندنی ئەنجومەنە ئەدەبیەکان، هەموو ئەمانە دیاردە گەلێکن کە سەرچاوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش کەوتنی کۆمەڵگای کوردستانو گۆڕانکاری گەورەی کۆمەڵایەتی. ئەم دیاردانە لە کوردستان کە بزوتنەوەیەکی گەورەی رزگاریخوازی لە ئارادابووەو کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەمین مانگەکانی دەسەڵاتی خۆی هێرشی کردۆتە سەری، نەیدەتوانی لە ئاست وەها خەباتو بزوتنەوەیەك بێدەنگ بێت. هەر بۆیە هەموو ئەم رێکخراوانە بە جۆرێك رەنگدانەوەی دەنگی رەوای خەڵکی کوردستانو بە بزوتنەوەی کوردستان رەواڵەتێکی بەرحەقتریان بەخشیوە. ئەم رێکخراوانە بۆ ماوەیەکی زۆر جێگای ئەحزابی سیاسی لە کوردستانیان گرتەوە. لە کاتێکدا کە هەر تێکۆشەرێکی حیزبیو سیاسی لە کوردستان بە بێ رەحمانە سەرکوت دەکرا، لە کاتێکدا کە بڵاو کردنەوەی راگەیاندنی حیزبەکان لەگەڵ تاوانێکی زۆر قورس روبەڕوو دەبوو، لە کۆمەڵگای کوردستان ئەم رێکخراوانە

توانیان هەم دەنگی خەڵکی کوردستان بەرز بکەنەوە و بزووتنەوەی گەلی کورد دریژە پێبدەن، هەم جێگای حیزبەکان تا رادەیەك پڕ بکەنەوە، بە بێ ئەوەی کە بیانووێ زۆر بە دەستەوە بدەن.

بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، هەڵقولاوی گۆڕانکاریەکانی ئەم سەردەمەن کە سیمای کۆمەڵگای کوردستانی بە تەواوی گۆڕیوە. دیاردەگەلێکی شارستانی، مودێڕنو پێشکەوتنخواز کە هەم رواڵەتێکی ئەمڕۆییان بە کوردستانو بزوتنەوەکەی بەخشیوەو هەم توانیویانە بەشێك لە خەباتی سیاسیو مەدەنی لە کوردستان لە ئەستۆی خۆ بگرن. بزووتنەوەی کریکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری و روناکبیری و بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنی بە تایبەت لە دە سالی رابردوودا کۆمەڵگای کوردستانیان لە بۆاری سیاسی و داخۆازییەکانی بەرەو ئاستیکی بەرزتر بردووە. کۆمەڵگای کوردستان هیچ کات وەك ئەم سەردەمە لە بۆارە جۆراوجۆرەکان پر کەسایتی ناسراو و سەربەخۆ نەبوە کە بە بڕوای من هەم جێگایان دیارە و هەم دیاردیکی زور گرینگە و بە تایبەت پێویستە کە حیزبەکان دەبی بتوانن هەم بیانپارێزن و هەم هەلس و کەوتی دروستیان لە گەل بکەن.

**بەرەی یەکگرتووی کورد، ڕیفۆرمخوازانی کورد،** بەشێکن لە خەباتی سیاسیو مەدەنی کە لە کوردستان لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوو پەرەی سەندووە. ئەم دوو ڕێکخراوە ئەگەرچی تا رادەیەکی بەرچاو تێکەل بە ئیسلاح خوازانی دەولەتین لە ئێران، بەلاّم ناتوانن سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد بە تەواویی بێدەنگ بن. بە بڕوای من ئێمە دەبێ دیالۆگی چڕوپڕمان لەگەڵیان ببێتو هەوڵمان ئەوە بێ کە زۆرترو زیاتر بەرەو بەرزکردنەوەی دەنگی رەوای خەڵکی کوردستان هانیان بدەینو بە ئاگایان بێنینەوە کە چارەنووسی ئەوان لەگەڵ خەڵکی خۆیانە. ئەم ڕێکخراوانە بە تایبەت دەتوانن لە سەر بیروڕای گشتی لە دەرەوەی کوردستان سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد و پوچەلکردنەوەی پیلانەکان و پروپاگەندە رژیم لە دژی بزووتنەوەی کوردستان کاری زور بکەن و کارگێریان ببێ. من پیم وایە تێکوشەرانی کۆمەڵە دەبی پیوەندی باش لە گەل ئەم رێکخراوانە ساز بکەن.

**فراکسیۆنی کەمینەی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان:** سازبوونی وەها فراکسیۆنێك بە بەهێزبوونی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانی دەزانم. ئەوە گوشاری کۆمەڵایەتی وەها بزوتنەوەیەکە کە نوێنەرانی کوردی لە پەرلەمان بەرەو ئەوەهان ئەدا کە تا رادەیەك هەر چەن کەمیش بێت، داخوازییەکانی گەلی کورد مەترەح بکەن. فراکسیۆنی کەمینەی نوێنەرانی کورد لە پەرلمان نیشانی دەدات کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ حاشای لە بونی گەلێك بکات کە سی سالە لە دژی و بۆ سەرکوتی لشکرکیشی کردووە. من پێم وایە ئێمە دەبێ لە گەڵ نوێنەرانی کوردیش لە پەرلەمان پێوەندیمان هەبێ، هانیان بدەین کە بوێرانەتر قسە بکەن. دیارە ئێستا فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد ئەو گرنگیەی پێشووی نەماوەو لەوانەیە لە داهاتوودا جارێکی دیکە رۆڵی زۆرتر بگێڕێ. بەلاّم ئێمە وەك حیزبی سیاسی لە کوردستان دەبێ بتوانین لەسەر ئەوان کاریگەری خۆمانمان هەبێ. دژایەتی لەگەڵ ئەوانو ئەوان وەك بەشێك لە کۆماری ئیسلامی چاولێکردنو هەڕەشەکردن لەوان بە سیاسەتێکی پوختەی نازانم. سیاسەتێکە کە بە رەوڵەت "رادیکاڵ"و "توندە" بەلاّم بە بڕوای من هیچ دووربینیەکی تێدا نیە. ئەوەش بڵێم کە لە نێو نوێنەرانی کورد هەن کەسانێك کە خزمەتیان بە رژیم کردووە یا هێشتاش دەیکەن، بەلاّم فراکسیۆنی کەمینەی نوێنەرانی کورد لە پەرلمان، وەك دیاردەیەك جیاوازی هەیە لەگەڵ تاکە کەسێك. تێکۆشەرانی کۆمەڵە دەتوانن ئەم فراکسیونە زورتر بەرو دیفاع لە گەلی کورد و داخۆازییەکانیان هان بدەن.

**کۆمسیۆنی ماف مرۆڤی کوردستان‌و یا وەها ڕێکخراوگەلێک** کە ئیستا لە کوردستان زۆرن، بەشێك لە خەباتی سیاسی‌و مەدەنی لە کوردستان پێك دەهێنن. حیزبە سیاسیەکان دەبیٚ بتوانن ئەم ڕێکخراوانە زۆرتر گەشە پیٚ بدەن. بتوانن لە هەل‌ومەرجی ناخۆیی لە کوردستان لە کاتێکدا کە ڕژیمی داگیرکەر کوردستانی گەمارۆ داوە، کارو چالاکی بکەن. دیارە حیزبەکان دەبیٚ بەرتەسك بوونی کاری ئەم جۆرە ڕێکخراوانە بزانن، بەڵام نە تەنیا گەشەکردنی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە لە کوردستان بە قازانجی خەباتی سیاسی‌و گشتی لە کوردستان دەزانم بەلکو دەتوانم بڵێم کە بە سەرهەڵدانی ئەوان کاروچالاکی حیزبیش لە کوردستان بوژایەوە و گەشە کردەوە. نابیٚ هیچ گومانێکمان لەوەدا بیٚ کە ڕژیم تێدەکۆشیٚ دەست‌و پێوەندی خۆی لە ناو ئەم جۆرە ڕێکخراوانە ساز بکات‌و ڕەخنەیان تێبکات. ئەمە کاری چالاکوانانی ناوەوەیە کە وشیار بن کە کام ڕێکخراوەو تا چ ڕادەیەك دەتوانیٚ کارا بیٚ، بە قازانجی بزوتنەوە کار بکات‌و بە گشتی خەباتی خەڵکی کورستان بەرەو پێش ببات. نابی هیچ ڕێکخراوێك بو چالاکوانانی ناوەوە وەها موقەدەس بکریٚ کە توشی هەڵە و کەوتنە پەراویزیان بکات.

ئەم ڕێکخراوانەو گۆڕانکارییەکانی کوردستان پێمان دەڵێن کە خەبات‌و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە شێوازی سوننەتی‌و کۆن گوازراوەتەوە بەرەو شێوازگەلێکی ئەمڕۆییترو مودێڕنتر. لە زۆرێك لە بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکاتنی جیهان وەها هەل‌و مەرجێك ڕەخساوە. ئەحزابی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبیٚ هەوڵ بدەن ئەم ڕێکخراوانەو ئەم بزوتنەوەی سیاسی‌و مەدەنیانە لە کوردستان گەشە بکەن‌و ببنە باڵی سیاسی‌و وتە بێژی بزوتنەوەی کوردستان لە کاتێکدا وڵاتەکەیان لە لایەن سوپای داگیرکەرەوە گەمارۆ دراوە.

**پرسیار:**

پێشنیارتان بۆ ئەوان چییەو پێتان وایە بە چ شێوەیەك سەرکەوتوو دەبن.

**ڕەزا کەعبی:**

من پێم وایە، تێکۆشەران سیاسی‌و مەدەنی دەبیٚ چالاکانە بۆ گەشەی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە تێبکۆشن. هەڵسووڕاوانی ئەم بوارانە دەبیٚ نە ئەوەندە "توند" بڕۆن کە ڕژیم پێشیان پیٚ بگریٚو نە ئەوەندە "لاواز" بجووڵنەوە کە هیچ کەڵکی نەبیٚ. ململانێی ئەم ڕێکخراوانەو تێکۆشەران‌و هەڵسووڕاوانی لەگەڵ ڕژیم‌و سیخوڕانی‌و لەگەڵ دەم ودەزگا و ئورگانەکانی، ئەرکێکی قورسە کە دەبیٚ بە وردبینیەوە بچێتە پێش. پێوەندی ئەم ڕێکخراوانە لە گەڵ یەك وکاری هاوبەش و پڕۆژەی هاوبەش دەتوانیٚ هەم ئەوان لە ئاست گوشار وپیلانەکانی ڕژیم بپاریٚزیٚ و هەم دەنگی هەموویان بەرزتر و کاراتر بکات.

**پرسیار:**

چ ڕەخنەیەکتان لێیان هەیە.

**ڕەزا کەعبی:**

ناتوانین لەم ڕێکخراوانە کە هەر کام ڕوڵی جیاوازو پێگەی جیاوازیان هەیە، یەك جۆر ڕەخنەیان لێبگیرێت. ڕەخنەگرتنیش کاری ئەو کەسانەیە کە لە نزیکەوە ئاگاداری کارو چالاکیەکانیان بن‌و هەروەها ئاگاداری گرفتەکانی ڕۆژانەیان بن.

**پرسیار:**

**له چ حاڵه‌تێكدا لێیان نزیك ده‌بنه‌وه‌ یان كاری هاوبه‌شیان له‌گه‌ڵ ده‌كه‌ن.**

**ره‌زا كه‌عبی:**

**به‌ بڕوای من ئه‌م رێكخراوانه‌ له‌ لایه‌ن حیزبه‌كانه‌وه‌ ده‌بێ پشتگیری بكرێن. پێم وایه‌ ده‌بێ ئه‌م بۆچوون و شێوازه‌ كۆنه‌ بخرێته‌ لاوه‌، كه‌ حیزبه‌كان ده‌بێ ئه‌م جۆره‌ رێكخراوانه‌ به‌ لای خۆیان راكێشن، یا ده‌ستیان به‌سه‌ریاندا بگرن و بیانكه‌نه‌ پاشكۆی خۆیان. من پێم وایه‌ حیزبی سیاسی له‌ سه‌رده‌می ئیمه‌دا و له‌ سه‌رده‌می بزوتنه‌وه‌ كۆمه‌لأیه‌تیه‌كان و له‌ سه‌رده‌مێك كه‌ كۆمه‌ڵگا زۆر زیاتر له‌ پێشوو به‌ره‌و رێكخراو بوون و دابه‌ شكردنی چالاكییه‌كان ده‌ڕوات، ده‌بێ بایه‌خێكی زۆرتر به‌م جۆره‌ رێكخراوانه‌ و به‌م جۆره‌ هه‌ڵسوڕاوانه‌ بدات. هه‌رچی ئه‌م رێكخراوانه‌ سه‌ركه‌وتوتربن، كاری حێزبه‌كان ئاسانتر ده‌كه‌نه‌وه‌، روناكبیری و كولتوری ئه‌مرۆیی و مۆدێرن زۆرتر گه‌شه‌ ده‌كا. هه‌ر بویه‌ حێزبه‌كان و هه‌ڵسوراوانی حێزبی له‌ شاره‌كان ده‌بێ به‌ بێ ئه‌وه‌ی ته‌ماحی به‌ده‌سته‌وه‌ گرتنی ئه‌م رێكخراوانه‌ بكه‌ن، بتوانن كاری هاوبه‌شیان له‌ گه‌ڵ بكه‌ن، لێیان نزیك ببنه‌وه‌ و پرۆژه‌ی هاوبه‌ش ببه‌نه‌پێش. له‌ هه‌ر شارێك بونی ده‌یان "ئێن جی ئۆ" و چه‌ندین ئه‌نجوومه‌نی ئه‌ده‌بی و كلووپی مووسیقی و وه‌رزشی بۆحیزبیكی سیاسی ده‌بێ زۆر جێگای سه‌ره‌نج بێ. پێشتر هه‌موو ئه‌م ئه‌ركانه‌ له‌ ئه‌ستۆی حیزبه‌كان بوو. ئیستا كه‌ زۆر رێكخراو هه‌ن كه‌ ده‌توانن به‌شێك له‌ ئه‌ركی كۆمه‌ڵگا له‌ ئه‌ستۆبگرن، حیزبی سیاسی و به‌ تایبه‌ت چه‌پی سوسیالیستی نه‌ ته‌نیا نابێ رێگر بێ، به‌ڵكوو ده‌بێ بتوانی، له‌ سه‌ر خستنی ئه‌م رێكخراوانه‌ و كاری هاوبه‌ش و پرۆژه‌ی هاوبه‌ش ده‌س پێشخه‌ربێت. هه‌مو قسه‌كه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ حیزبێك تا چ راده‌یێك بڕوای به‌ ڕیبازه‌كه‌ی خۆیی هه‌یه‌ كه‌ بتوانێ له‌ سه‌ر كۆمه‌ڵگای ئه‌مڕو (كه‌ به‌ چه‌ن قات له‌ چاوو رابڕدوو پڕكیشه‌ و ئاڵوزه‌ و به‌ چه‌ن قات رێكخراوتر و وشیارتره‌) كارگێری خۆیی هه‌بی، ئه‌رگه‌ر وانه‌بو وه‌ك هه‌مو هێزێكی له‌ په‌راویز كه‌وتو و بێ‌هیوا به‌ داهاتوویی خۆیی رێگای ساكاری جنیوفروشی و تاوان باركردنی ئه‌م رێكخراوانه‌ و چالاكوانانی ده‌گریته‌ به‌ر. به‌ چاویلكه‌ی به‌رته‌سكی حیزبی ناتوانین كۆمه‌ڵگای ئه‌مرویی چاو لێبكه‌ین و بزووتنه‌ویكی گه‌وره‌ رابه‌ری ناكرێ.**

**له‌ كۆتاییدا پێویست به‌ ئاماژه‌ پێكردنه‌ كه‌ به‌ گۆرانكارییكانی كۆمه‌ڵگای كوردستان و له‌ سه‌رده‌می بزووتنه‌وه‌ كۆمه‌لأیته‌كان، بزووتنه‌وه‌ی جه‌ماوه‌ری و خه‌باتی گه‌لیك بۆ ئازادی به‌ رێكخستنی نهێنی رابه‌ری ناكری. هه‌ر بۆیه‌ حیزبی سه‌رده‌می ئێمه‌ به‌ پشتیوانی ده‌یان و سه‌دان رێكخراوه‌ی مه‌ده‌نی و جه‌ماوه‌ری مومكنه‌ بتۆانێ ئه‌ركی ره‌هبه‌ری خۆیی به‌ ئه‌نجام بگێنێ كه‌ ئه‌ویش قانونمه‌ندی خۆیی هه‌یه‌ كه‌ پێویسته‌ به‌ باشی بناسرێ. هیوادارم بتوانین له‌ كاتی دیكه‌دا له‌ سه‌ر ئه‌م بۆاره‌ زورتر و تێروته‌سه‌لتر بدوین.**

r.kaabi@yahoo.com

http://sbeiy.com/Rozhnama/PDF/2008/10/28/333/12.pdf